# ئامارێکی فەرمی... چل هەزار هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە عێراق لە ماوەی یەک مانگدا



ئەنجوومەنی باڵای دادوەری ڕایگەیاند، لە مانگی ئەیلوولی ڕابردوودا، نزیکەی 40 هەزار دەسپێی هاوسەرگیریی و جیابوونەوەی هاوسەران لە دادگاکانی عێراق تۆمار کراوە،

بەپێی ئامارێکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری، کە گشتی ئەو پرسە هاوسەرگیریانەی لە مانگی ڕابردوودا تۆمارکراون، گەیشتووەتە 30 هەزار و 205 هاوسەرگیری، بەغداش لە پێشەنگی لیستی پارێزگاکاندایە، بەجۆرێک چوار هەزار و 307 پرسەی هاوسەرگیری تێدا تۆمار کراوە، هەرەوها پارێزگای نەینەوا بە سێ هەزار و 698 هاوسەرگیری لە پلەی دووەم دێت، بەسرە بە دوو هەزار و 609 هاوسەرگیری لە پلەی سێیەم دێت.

هەر لە ئامارەکەی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریدا هاتووە، کە گشتیی حاڵەتەکانی جیابوونەوەی هاوسەران گەیشتووەتە شەش هەزار و 719 حاڵەت؛

ئاماژەی بۆشدا، هۆکاری جیابوونەوەی هاوسەران لەبەری کەرخی پارێزگای بەغدا هەزار و 295 حاڵەت

بوو، لەبەری نەسافە 880 حاڵەت بوو، بەمەش بەغدا پلەی یەکەمی لەنێو پارێزگاکانی عێراق گرتووە، هەروەها بەسرە بە 840 حاڵەتی جیابوونەوەی هاوسەران لە پلەی دووەمدایە.

ئەنجوومەنی باڵای دادوەری ڕاشیگەیاندووە، کەمترین ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران لە پارێزگای واست بووە، کە 136 حاڵەت بووە، بەرزترین ڕێژەی جیابوونەوەش لە بەغدا بووە.

لەبارەی پرسەی هاوسەرگیرییشدا ئەنجوومەنی باڵای دادوەری ئاشکرای کردووە، بەرزترین ڕێژە لە بەغدا بووە کە 1446 پرسەی هاوسەرگیری تۆمار کراوە، کەمترین ڕێژەش لە پارێزگای موسێنا بووە کە تەنیا 943 پرسەی هاوسەرگیری تۆمار کراوە.